**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

---

# بانگەوازێك بۆ ڕێكخراو مەڵبەندی كوردی و عیراقیەكان لە بەریتانیا

**سلاوێكی گەرم**...........

هەروەك بەهەموو لایەك گەیشتووە وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا(هۆم ئۆفیس) رۆژی 27-11-2006 كاتژمێر 1.30 پاشنیوەرۆ جارێكی تر بانگەوازی كۆبوونەوەیەكی كردوە لەگەل بەرپرسیارانی ڕێكخراوە كوردی و عیراقیەكان لەبەریتانیا لەسەر پرۆژەی بەناو "گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە".

ئەگەر چی ئێمە لەهەموو كۆبوونەوەیەكدا هەمیشە وراشكاوانە بە پەنابەرانمان ڕاگەیاندوە كەجەوهەری ڕاستەقینەی ئەو پرۆژەیە (واتە گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە) هیچ شێتێك نی یە جگە لەوەی هەنگاویەك و شێوازێكی نۆی ی فشار خستنە بۆ سەر پەنابەرانی كورد بۆ ڕازی بوون بە گەڕانەوە، ئەوەتا لە نامەی ئەو پەنابەرانەی كە لەكوردستانەوە بەدەستمان گەیشتووە ئەو ڕاستی یە ئاشكرا دەكەن كە هیچ پارەیەكیان پێنەدراوە وهیچ كۆمەكێك نەكراون بۆ دامەزراندنەوەی ژیان لەكوردستان.

تەنانەت سەردانی ڕێكخراوی (IOM ) و بەرپرسیاران دەكەن هیچ وەلامێك نادرینەوە بەشێوەیەك هەموو ئەو پەنابەرانەی بەخواستی خۆشیان نیراونەتەوە هیچ لایەنێك بەرپرسیاریتی نیشان نادات لە ئاستی كیشەكانیان تەنانەت كەسانێك لەو پەنابەرانە جارێكیتر گەراونەتەوە بۆ بەریتانیا.

واوەتر لەمانە ماوەیەك لەمەوبەر بەپێ بریاری دەولەت ژمارەیەكی زۆر لەپەنابەرانی كورد لەشاری هال بە بەهانەی ئەوەی نایاساین لەسەر كاردەركراون لەگەل ئەوەی ئەم پەنابەرانە زیاتر لە 4 ساڵە بەشێوەیەكی یاسای كار دەكەن و تاكس وكرێ دەدەن بەدەولەت و بەزەحمەت وماندووبوونی خۆیان خەریكی جێخستنی ژیانیان بەشێوەیەكی یاسایی لەوولاتی بەریتانیا...

لەمانەش زیاتر رۆژی 5-9-2006 لەژێر زەخت و بەكەلەپچەو لێدان و سوكایەتی 34 پەنابەری كورد بە تەیارەی سەربازی نێرانەوە كوردستان جگە لەوەی تا ئێستا ژمارەیەك لە پەنابەری كورد لەگرتووخانە پەنابەریەكان ڕاگیراون ماف دەست ڕاگەیشتن بە پاریزەریش یان نی یە.

لەپال ئەم وەزعیەت و بارودۆخە ناهەمواری پەنابەراندا كاربەدەستانی دەولەتی بەریتانیا هەرجارە بۆ كۆبوونەوەیەك ئێمە بانگهێشت دەكەن تا لەبارەی مەسەلەی پەنابەران و ئەم وەزعیەتانەوە راویژمان لەگەل بكەن، بەلام هەرجارە باسی ئەوان بریتی بووە لە بەرێوەبردنی برۆژەكانی خۆیان و هیچ یەك لەداواكانی پەنابەرانیان وەلام پێنەداوەتەوە و تەنانەت گوییان لەئێمە نەگرتووە بۆ چارەسەركردنی كیشەكانی پەنابەران.. جا بۆ ئەوەی لەكۆبوونەوەی ئەمجارەی رۆژی 27-11بتوانین هەموومان پیكەوە دەنگی پەنابەران و خۆاستەكانیان نوینەرایەتی بكەین، بۆئەوەی كۆبوونەوەی ئەمجارە بەدەستكەوتیك بۆپەنابەران ببینەدەرەوە ئێمە بانگەوازتان دەكەین بۆ كۆبوونەوەیەكی ڕاوێژكاری بەبەشداری وئامادابوونی نۆینەرانی ریكخراوەكان بە مەبەستی گەلالەكردنەوەی یاداشتیكی هاوبەش كەبەئیمزای هەموومان خواستەكانی پەنابەران لەكۆبوونەوەی 11/27ی هۆم ئۆفیسدا بخاتەبەردەم لێپرسراوانی دەولەتی بەریتانیا وداوای جیبەجێ كردنیان لێبكریت. بەلای ئێمەوە ئەم خواستانەی خوارەوە ئەتوانێ ناوەرۆكی یاداشتەكەبێت:

1-ڕاگرتنی دەست بەجێ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ كوردستان

2-وەلأم دانەوەی فەوری بە پەنابەرانەی كە تائێستا لەچاوەڕوانی ماونەتەوە داوای كردنەوەی كەیسەكانیان جارێكی تر بەشێوەیەكی یاسای

3-بەرەسمیت ناسینی لجنەیەك لەو پەنابەرانەی خۆیان بەخواستی خۆیان گەراونەتەوە بۆ كوردستان بۆ جێ بەجێكردنی ئەو بەلێنانەی پێیان دراوە.

كات و شوینی كۆبوونەوەی نوینەران بۆ گەلالەكردنەوەی یادشاتنامەی هاوبەشمان بەم جۆرەیە:

رۆژی كۆبوونەوەكە: 2006/11/24 كاتژمێر 2 ی دوانیوەرۆ

شوین: مەڵبەندی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی، ناونیشان :

Kings cross stations
Peel centre, Percy Circus, London WC1 X 9EY

بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەوە پەیوەندی بكەن بە ژمارە تەلەفوونی(07856032991)یان سامان سەردەم بە ژمارەی(07799507141)

**لە هاوكاریتان سپاس گوزارم**

**دەشتی جەمال**

2006-11-13

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK. www.csdiraq.com Dashty J amal :Mobile: 0044 7856032991**

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk **mobile**: 07877489626 **or** 07866757213 **Office**: 0161 234 2784